# لە هەسارەی خوێنەوە تا زوحەلی ڕوح
# خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی"نامەکانی فێرناندۆ"

## (گێڕانەوەی تراژیدیا لە خەونەوە بۆ خەون)


**عادڵ قادری**
**(کرمانشان)**


### بەراییەکی گشتی

ڕاستییەکەی باسکردنی ئەم ڕۆمانە ئاسان نییە، بۆ؟ چونکە ڕۆمانێکە هاوکات کە سادە و گۆیایە، تراژیدیایەکی ئالۆزی گێڕاوەتەوە. ئەم حاڵەتە شێوازی هەڵسوکەوتی جیهان و پێکهاتی ڕۆمانەکە لەگەڵ "واقیع" و پێناسەی "واقیع" دیاری دەکات، دەشێت ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ هەر دەقێک، چاوەڕوانی شتی زۆرتر لەوەی لێ بکەین کە تێیدا "ڕووی" داوە، چاوەڕوانی ناکۆتایی و چێژ بەخشی زۆرتر لەو سامان و مێژینە دەقییەی لێ بکەین کە وەک مرۆڤ تا ئێستا خوێندوومانە و ناسیومانە. خوێندنەوەی هەر دەقێک لە ناو ئەو"زمان"ـەدا، لەسەر چەند خاڵێکی گشتی ئیش دەکات.

**یەکەم:** ئەوەی کە دەق لەسەر ئیمکان و "شیمان"ـەدا مانادۆزی و زاووزێ دەکات.

**دووەم:** ئەوەی کە ژێرخانی زمانی ئەو دەقە ئاسۆیەکی هەیە و لە سەر ئەو ئاسۆیەشە کە ئێمە تیشکە تازە و تراش دراوەکانی مانامان بۆ دەردەکەوێت، واتە باس کردن لە خاڵی سەرکەوتنی هەر دەقێک، بە بێ لەبەرچاوگرتنی سەربوردەی زمانی دەقەکە (کە لێرەدا ژانرێکە بە ناوی ڕۆمان) لۆژیکی نییە.

**سێیەم:** ئەوەی کە هیچ دەقێک لە پلەی تەواو و بە تەنیایی"دەق" نییە، بەڵکو وەک پاژێک لە کۆمایەکی ئەزموونە دەقاوییەکانی ناو ئەو زمانەیە، ئەویش ئەزموونێکە و لە چرکەساتێکی بوونی خۆیدا خۆی گێڕاوەتەوە. لێرەدا هەرچەندە ئەو دەقە توانیبێتی لە ئاوێزانبوون و جووتبوون لەگەڵ دەقەکانی تر، یان (دانەری دەقەکانی تر و دنیایان) کەڵکی پێکهاتی و ناوەرۆکی وەربگرێت، ئەوە ئەو دەقە لە سەر ئاسۆی مانایی بەرزتر ڕۆدەنیشێت، هەرچەندە هەموو ئەمانە خوێندنەوەی منە وەک خوێنەر و تەئویلکارێک، کە ئەمەش پێبەستە بەو دۆخ و سەردەمەی کە من تێیدا هەناسە دەکێشم، واتە یاوس وتەنی من ئاسۆی چاوەڕوانی (Horisen of expectation) خۆم بە پێی پێوەرگەلی سەردەمی خۆم بۆ ئەم دەقە باس دەکەم، ئەوەش لەبەر ئەوەی نا کە من کوڕی سەردەمی خۆمم، بەڵکو لەبەر ئەمەش کە من هەر بە ڕاستی لەو ڕووەوە"کوڕی خۆمم، خۆم و ئەزموونەکانم، خۆم و فامەکانم....". من لام وایە کە دەق وەک کۆنستانسییەکانی لە چەشنی ویلفیگانگ ئایزیر دەڵێن، پێکهاتێکی هێزەکی و توانابیمەندی هەیە و دەبێت خوێنەری نادیار (implied reader)بە دانوستان و دیالێکتیک لەگەڵ دەقدا بەردەوام واتادۆزیی بکات، بەڵام لە تەنیشت ئەمەشدا پێم وایە جیهانی ئێمە و واقیعی مێژوومان ڕوویەکی



**ئەحلام مەنسوور**

بەرهەست و ئۆبژەکتیڤی تایبەتی هەیە، سەرەڕای ئەمەش، دەقی ئەدەبی کوردی(ژانری ڕۆمان)تەمەنێکی زۆر درێژی وای نییە تا سامانە زمانی و پێکهاتی و فۆرمی و تەکنیکییەکەی ئەو واقیعەمان بەشێوەی پۆست مۆدێرن بۆ بگێڕنەوە، بۆیە زۆربەی دەقەکانمان پێیەکی بە خەستی لە ناو واقیع و ڕووداوەکەدا دەمێنێتەوە، لام وایە ئەمە دەشێت پێکهاتی ئەو دەقە گەورانەش بێت کە تراژیدیا لە پێگەی ناسنامەدا دەگێڕنەوە، یانی لام وایە هەندێک دەق، بەتایبەتی سەرکەوتووەکانیان، دەشێت خاوەنی هەڵخڕاندن (motivation) و بزوێنەری توخمی دیاری ناو واقیع بن و هەر بە پێی ئەمەش خاوەنی ڕۆڵ-مایە، یان مۆتیف (motif) بێت کە تێیدا دەرکەوتە و لایەنێکی ڕووداو و گێڕانەوە زەق و زاڵ دەبێت.

لە ڕوانینی بوریس توماشفسکییەوە مۆتیف دەشێت دوو حاڵەتی هەبێت: یەکیان پێبەستە و یەکیان ئازادە، کە لە نامەکانی فێرناندۆ دا کەڵکێکی زۆر لە حاڵەتی ئازاد وەرگیراوە، واتە سنوورێک بۆ ڕووداوەکان دەستنیشان نەکراوە، ئەمەشی لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی چەند دەنگی لە سەر دیسکۆرس و ویژمانێکی هاوبەش و هاوڕوح دروست کردووە، هەرچەند ئەمە ڕوانگەیەکی هیرمنۆتیکییە و ئەوەندەی دیاردەناسی گادامێر و بوونناسی هایدگەر چەقەکەیەتی، ئەوەندە فۆرمالیزم و نیشانەناسی لای بەرجەستە نییە. هۆکاری ئەمەش لانی کەم بۆ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ژانری ڕۆمانی کوردیدا زۆرتر مێژووییە تا تیوریک، چونکە لام وایە بەپێی وتەی هایدگەر کە ڕەخنە لە ڕوانینی بەرهەستخواز و عەینییەتگەرای گادامێری مامۆستای دەگرێت: هۆشیاری ئێمە شتەکانی جیهان و ناو واقیع سەرهاوێژی (projection)، واتە "فرافکنی" دەکات و هەر لە هەمان کاتیشدا بە هۆی ماهییەتی لە جیهاندا بووگ و دازاین بوونییەوە، پێڕەو و هۆگری "جیهان"ـە. ڕاستە ئێمە "تووڕدراوی" ناو جیهانێکین کە ئاگامان لێی نەبووە و بژاردەمان نەکردووە، بەڵام بەهەر حاڵ دنیای ئێمەیە، ناتوانین بە شێوەیەک و لە سەر بنەمای تیڕوانینێک بجووڵێینەوە کە بە تەواوی دەرهەست و ئینتیزاعی (داماڵراو) بێت و بەشێوەیەک چاو لە دنیا بکەین کە دەڵێی لە سەر ترۆپکێکین و لە سەرەوەڕا بەرەو خوارێ چاو دەگێڕین و سەراب دەبینین، بەهەر حاڵ پێم وابێت ئەم لایەنەی دیاردەناسی بۆیە زەق دەکەمەوە کە دەمەوێت باسی کارەسات بکەم، کارەساتێک کە دەق بۆ دەق گێڕدراوەتەوە و هێشتا فام نەکراوە.. کارەسات هێندە باوەڕنەکردەیی و ناواقیعی دەنوێنێت کە لە ئەفسوون و خەون دەچێت، سیحرێکی سەیر بە هەموو توخم و تەم و هەڵم و تۆز و غوبارە پڕ ئازار و چێژ بەخشەکانییەوە، لە هەمبەر تراژیدیادایە کە زمان و فۆرم و پێکهات دەشێوێن. بوونێکی تر وەردەگرن کە واقیع تێیدا لە خەیاڵ و خەون دەچێت و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام ڕەگەزی سامناک و بەرهەستی کارەسات قەت بوار نادات لە جیهانی خەون و خەیاڵ و ئەفسووندا ون بین، هەر ئەمەشە کە لە گارسیا مارکیزەوە تا ئێستا لێکدانی "ڕیالیزمی جادوویی" هەر لێک دانەبڕاون و پێکەوەن و هەیمەنە و زاڵێتی خۆی هەیە، لە دواجاردا دەڵێم ئەگەر وەک نیتشە باسی دەکات، هونەری ڕەسەن تراژیدیا بێت، ئەوە شوێن پێکانی تراژیدیا لەم ڕۆمانەدا دیارە، ئەگەرچی لایەنی فەلسەفی ڕۆمانەکە ئەوەندە قووڵ و بەرفراوان نییە کە وەک مەعریفەناسی چاو لە دەرئەنجامی ڕووداو و کارەکتەرەکان بکەین، بەڵام خواستی ناسنامەخوازانەی پاڵەوان (قوربانی!)ی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی بمرێت (بکوژرێت! کە داوا لە یەکێک لە گێڕەرەوەکانی چیرۆکەکە دەکات، کە دواتر دێمە سەری) بەرەو چەشنێک هەڵوێستە و ڕامانی فەلسەفەی بەرزەڕۆیانە (transcendental) و نەمری و ماناوە لە مەرگدا ڕاماندەکێشێت.

## پێشەڕۆکێک بۆ نامەکانی فێرناندۆ
## «ونبوونی ناسنامە لە کایەی "خود" و "ئەوی دی"... سوپاس "نا" بۆ ئاوێنەی "تۆ"!»

پێکهاتەی ئەم ڕۆمانە بە تەواوەتی پێکهاتەیەکی چەند دەنگ و هەلاهەلا کراوە، دەنگ لێرەدا بە واتای فرەیی دەنگەکان و چەشنێک لە دابەشبوونی ئازادی نایەت، ڕەنگە کەم تا زۆر ئەمەی تێدا بەدی بکەین، بەڵام هەموو دەنگەکان لە خزمەت ڕزگارکردن، یان کوشتن و مراندن، یان هەناردنی پاڵەوان، واتە سوورمێن بەرەو دنیایەکی بێ ڕەنگ، دنیایەک بێ هیچ... دنیایەکی ناهیچ...هیچ...چچ..........

پێکهاتەکەی کە بە فۆرمی گێڕانەوەیی "نامەگۆڕینەوە" دەچێتە پێش کە لە سەرەتاشدا وا دەنوێنرێت کە لە خەیاڵی سوورمێدا تەنیا ڕوو دەدات و پێوەندی بە واقیعەوە نییە، خۆی هێمایەکە بۆ دەسپێشخەری وەگێڕ و پاڵەوان (کە دەشێت هەردووک یەک بن و دەشێتیش دوو بن و دەشێتیش نا!) لە دانپێدانان بەوەی کە لە ناو جیهانێکی لەت لەت و پارچەپارچە دا دەژین، زۆر سەیرە کە دواتر تێدەگەین ئەم جیهانە لەت لەتە بەرهەمی تەنیایی پاڵەوانە! تەنیایی ژان و خەونەکانی!، واتە تەنیایی بۆ چەندان خود، چەندان ئەوی دی، چەندان خودی ئەوی دی. لەت لەتی دەکا و ئەوی دی خود، هەر لەم خاڵە سەیر و ئەفسووناوییەدایە کە ئێمە شوێن پێی واقیع بە مانا باوەکەی ون دەکەین و دێینە ناو واقیعێکی تر، واقیعێکی خەونئامێز، واقیعێکی خەیاڵوام، خەیاڵوان. دواتر زۆر سادە و جوان ئەم پێکهاتە بە فۆرمی تر دەپارێزرێت، لە ڕێگەی بەشداری کردنی دوو وەگێڕی مێژووی ئەدەب، واتە ئەحلام مەنسووری "کوردستانی" و مارگرێت دۆراسی بە ڕەچەڵەک فەرەنسایی، دوو خانم و مێیینە کە بەشێوەی جیاواز و لە سەردەمانی "خوێن" و دواکەوتوویی و کولتووری تەسک و تەنکی پیاوانەدا گەورەترین کاریگەرییان لە دنیای خۆیان هەبوو. ئەحلام مەنسوور یەکەمین ژنە کوردی نووسەر و شاعیر کە هاوکاری ڕۆژنامەی هاوکاری و هاووڵاتی کردووە، لە دایک بووی ساڵی ١٩٥١ـە، لە ساڵی ١٩٨١ سەفەری فەرەنسای کردووە و لە ساڵی ١٩٨١ کۆمەڵە چیرۆکی "پرد"ی چاپ کردووە و لە ساڵی ١٩٩١ ماجستێری لە چیرۆکی کوردیدا وەرگرتووە. مارگرێت دۆراس لە بنەماڵەیەکی فەرەنسایی و لە ساڵی ١٩١٤ لە ڤێتنام کە ئەوکات لە ژێردەستی فەرەنسا بوو، هاتۆتە دنیاوە،یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە ساڵی ١٩٤٣ بە ناوی"بێ شەرمەکان" بڵاو کردۆتەوە، خاوەنی دەیان فیلمی گەورە و ناودارە و دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو بوو، ئەگەرچی تا کۆتایی تەمەنی باوەڕی بە بیری چەپ بوو، لە ساڵی ١٩٩٦ و لە تەمەنی ٨٢ ساڵی لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

بەشێک لە ڕۆمانەکە، بەشدارییەکی هونەرمەندانەی ئەم دوو کەسەیە لە پێگەی وەگێڕ (ڕاوی) کە دێنە پانتایی چیرۆکەکەوە و بە گێڕانەوەکانیان ڕەوتی چیرۆکەکە بەرەو ئەو شوێنەی کە"بوون" پێیان دەڵێت، بەرەوپێش دەبەن، هەڵبەتە مەبەست لێرەدا لە "بوون"ی ئەم دوو نووسەرە ئەوەیە کە جیهان لە ڕوانینی ئەمانیشدا توخمگەلێک لە تراژیدیا و کارەساتی جیهانی ژنانەی بە خەستی تێدایە، ڕەنگە واتای دەقئاوێزانی لێرەدا بە باشترین شێوە لە تەکنیک و ناوەڕۆکدا ببینین، شوێنێک کە تەنانەت ئەحلام مەنسوور و مارگرێت دۆراس هاوسۆزی و دڵەکورکەیان بۆ پاڵەوانی چیرۆک، واتە سوورمێ تێدا زەق دەکرێتەوە، لە دواییشدا دەبینین کە چارەنووس و کۆتایی خاڵی ژیانی سەر ئەرزیانەی سوورمێیە کە یەکێک لەم وەگێڕانە، واتە ئەحلام مەنسوور تووشی داچڵەکان و شۆکی قووڵ و بوورانەوە دەکات، واتە بەشێک لە پەیامی ڕۆمانەکە ئەمەیە کە ئێستاش لە دۆراسەوە تا ئەحلام مەنسوور کە باسی خوێن و قوربانیکردنی مێ و ساوایەتی و پاکیزەیی کراوە(١) هێشتا هیچ گۆڕانێک بۆ پاراستن و ڕزگار کردن و پاسەوانی"بوون"ی ژن(کچ) نەهاتۆتە ئاراوە.

### کورتەی پێکهات و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە

لە ئێوارەی ٢٨ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٨٦دا پەرجوویەک ڕووی داوە و کەس تێنەگەیشت کە ئەم پەرجووە چییە، ئەگەرچی ڕووداوێک بوو سامناک بە ڕواڵەت و هەموو دنیا و دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدار و گەنج و پیری بۆ تاوێک کشومات و لاڵ و بێدەنگ کرد، وەک نیشانەناسی سەدام حسێن لە پێگەی دیکتاتۆرێکی پڕدەنگ و قیڕە لە ترسی ئەم ڕووداوە (کە جارێ لایەنی پەرجووەکەیم باس نەکردووە و دواتر دێمە سەری) دەخزێتە ژوورە بێ کەلێن و پەنجەرەکەی و بێدەنگ دەبێت!لاڵ دەبێت! ئەو لە خۆی تووڕەیە کە بۆ وا بێدەنگە! و...خودی ڕووداوەکە وا دەردەکەوێت کە لە

جیهانی واقیعدا بووە "یۆدیت" و گرووپەکەی کە لە بواری فەزاناسیدا ئیش دەکەن لەو ئێوارەیەدا و لە کاژێر ١١:٣٨ خولەک، پاش ئەوەی کە ٧٣ خولەک لە زەوی بە مووشەک دوور دەکەونەوە، مووشەکەکەیان دەتەقێتەوە و هەموویان هەپروون بە هەپروون دەبن، ئەمە لە دنیای ڕاگەیاندنی جیهانی و هەسارەی زەویدا دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبێت، ئەم بەشە تەنیا بەشێکە وەگێڕ (ڕاوی) ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی میدیایی ئامادەیی تێدا هەیە و زانای گشتییە کە لام وایە خاڵێکی باش بووە بۆ دەسپێکردنی ڕۆمانەکە، بەڵام دەشکرا بە فۆرمی تر داڕێژرابایە، دوای ئەم ڕووداوەی ناو واقیع، واتە دوای تەقینەوەی مووشەکەکەی یۆدیت و گرووپەکەی کە گرووپێکی فەزاناسی ئەمریکی بوون، ئێمە دێنێتە ناو "خەونێکی واقیعی" کە پێشتر و پێشوەخت لای یۆدیت ئامادە بووە، بەر لەوەی ئەم سەفەرە بکات، بەڵام وەک شتێک"تەقینەوە"کە نابوود و نەماگی نەکردووە، بەڵکو "تووڕ"ی داوەتە گۆڕەپان و ڕووبەرێکی تر لە بوون، خەون. ئەم بەشەی دەسپێکی گێڕانەوەکە هەر وەک وتم فۆرمێکی هەواڵییانە و میدیایی هەیە، تەنانەت زۆر کورتیشە و دوو لاپەڕەیە، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی لە جیهانی واقیع و "نانامەکان"ەوە بمانگوازێتەوە بۆ جیهانی یەکەم"نامە" و خاڵی گێڕانەوەی دنیایەکی دیکە و هەسارەیەکی دیکە.

بەر لەوەی بێمە سەر باسی نامەی یەکەم، دەبێت ئاماژە بەوە بدەم کە لەم ڕۆمانەدا توخمەکانی (Anima and Animus)ی کارل گۆستاف یۆنگ، واتە مێینەیی و نێرینەیی و هاوبوونیانی بە شێوەیەک تێدایە، بۆ نموونە لەو شوێنەی کە "سوورمێ دەگاتە تەمەنی باڵق بوون و "بۆن"ی کوڕێک بە ناوی هێمن عاشق و شەیدای دەکات، دواتر پاش شەڕی ناوخۆ کە دەچن بۆ لای خاڵی تا لە ڕێگەیەوە ئەو خاڵەکەی تری کە پارتی بە بارمتە گرتوویەتی لە باتی کارێکی لەو چەشنەی کە یەکێتی کردوویەتی، ڕزگار بکەن، هەروەها پاشان کە دێنەوە، دەچێتە زانکۆ و مامۆستا بێکەس دەیەوێت بیخوازێت، ئەگەرچی ئەم حەزی لێ ناکات و بەچەشنێک گرینگ نییە بۆی. هەموو ئەمانە پێکهاتێکی ئاسایی لەو مرۆڤناسیی و دەروونناسییەی یۆنگ دەگێڕنەوە، بە تایبەتیتر کاتێک کە بە گوێزانەکەی خاڵی، واتە بەو گوێزانەی لە پاشماوەی ڕدێنەکەی ماوەتەوە قاچەکانی دەتاشێت، ئاوەها لە زمانی سوورمێوە دەبیستین (کە

نامەی چوارەمی سوورمێیە بۆ یۆدیت):

دوێنێ بۆ یەکەم جار بەپارچە گوێزانێکی پاشماوەی ڕدێنی خاڵۆم، قاچەکانم تاشی.بۆ یەکەم جار قاچەکانم تاشی، هەستێکی زۆر سەیرە، ژن کە لووس دەبێت، ڕێک حەز دەکات ڕووت ببێتەوە، حەزم دەکرد بە مامۆستا بێکەسی نیشان بدەم، نەک بۆ ئەوەی خۆشی دەوێم، نا، ئەوەم بۆ گرنگ نەبوو، بەڵکو حەزم دەکرد قاچەکانم بەو لووسی و سافییەوە بە پیاوێک نیشان بدەم، ئیتر گرنگ نەبوو بۆم، ئەو پیاوە کێیە.

ئەگەرچی حەزێکی "خود"تەوەر لەم ڕستانەدا شەپۆلان دەدات، بەڵام بە واتای توانەوە نییە لە بەرانبەرەکەی (مامۆستا بێکەس) کە پیاوە، بەڵکو نیشانەی حاڵەتێکی ئاساییە لە تەمەنی کچێنی و پیاودۆستیدا کە لە دواجاریش و لە ساتێک لە ساتەکاندا گرینگ نییە چ پیاوێک، پیاو. بەم خوێندنەوەیەی یۆنگ زۆرتر هێمایەکە و بۆنێکە و عەترێکی ڕاکێشەرە و بە پێچەوانەشەوە بۆ ژن، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ئەم ڕۆمانە و ناوەڕۆکەکەی ئەوەندەی زایەڵە و هاوارێکی تووڕە و خەمناک و لەهەمان کاتدا داماو و قوربانییە وەک ڕەگەزی مێ، ئەوەندە هەڵگری ئاوێزانی و تێکەڵاوی ئانیما-ئانیمۆسی نییە، ناوەڕۆکێک کە لە خوێن و ماناکانی شەرەفەوە دەست پێ دەکات، خوێنێک کە تکا کۆ نابێتەوە "حەیایەک" شەرەفێک کە ڕژا کۆ ناکرێتەوە، هەرچەندە لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بە کاریگەری شێرزاد حەسەن وەک جیهانبینی بۆ سێکس و جەستە و ئازادی لەسەر سوورمێ دەکرێت و قۆناغێک بەسەر بوونی جەستەیی و عاتیفی سوورمێ دا دێت کە جگە لە خوێندنەوە و دەسپەڕلێدان، هیچ کاری دیکەی نییە، جگە لە بۆنکردنی خاکی بەرماڵی هێمنی مەعشووقی هیچی دیکە ناکات. دواتر چەقی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە ماناکانی خوێن و قوربانی و مێیینەدا چڕ دەبنەوە و نەریتی زاڵ بۆ چەمکی حەیا و پێوەندی لەگەڵ پەردەی کچێنی و پاکیزەیی بە باشی زەق دەکاتەوە، واتە لە پێگەی نیشانەناسیدا حەیا و خوێنی شەرمگەی کچ، وەک جەبرێکی جەستەیی کە کولتوور زەقی کردۆتەوە دیاریکەری هەڵوێست و دۆزی قوربانیکردن و قوربانی بوونە.. بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکە گێڕەرەوەی مێژووی قوربانی بوون و خوێن-پیرۆزاندنی ناوگەڵی سوورمێکانی وڵاتی سوورمێیە و بەشداری ئەحلام مەنسوور وەک خەڵکی وڵاتی سوورمێ لە گێڕانەوەکەدا،

بەشداری پێدانی (مارگرێت دۆراس)یش وەک ژنێکی نووسەر و هاوخەمی لە چەشنی ئەحلام مەنسوور، دەشێت وەک هەوڵێک ببینرێت بۆ ڕزگاری کردنی قوربانی، بەڵام ئایا ڕزگار دەبێت؟

لە نامەی یەکەمدا کە لە لایەن و زمانی یۆدیتی فەزاناسەوە دەگێڕدرێتەوە ئێمە سۆز و میهر و هاودەردی "جەستەیی" و ڕوحی سوورمێ و یۆدیت دەبینینەوە، هەر لەم نامەیەدایە کە ئێمە پێ دەنێینە ناو کەوشەنی هاوبەشی واقیع و خەون:

من قاچم بەدوامدا نەدەهات، لەناوگێژاوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییە سیاسییەکانیش، ئەوەندەی تر سەرم سووڕ ما، لەوەش ناخۆشتر، سووڕی مانگانەم کەوتبووە ئەم کاتەوە، دیارە من یەکەم مانگم نەبوو، خوێنم لەبەر بڕوات، بەڵام ژن قورسترین شت کە هەرگیز لەگەڵی ڕانایەت، سووڕی مانگانەیە، هەمیشە لە ساڵی ئەوەڵی بێنوێژییەوە بیر لە وەستانی دەکەینەوە، بەڵام بەڕاست،ئەو مانگەم تەواو جیاواز بوو لە هەموو مانگەکانی تری تەمەنم، خوێنێکی ڕەنگ وەنەوشەیی، دڵۆپ دڵۆپ، دەرژایە نێو دەرپێ مەخمەڵییەکەم، هەستم نەدەکرد ئەوە خوێن بێت لێم دەڕوات، بەڵکو لە هاتنەخوارەوەی کوتە گۆشت دەچوو، لەگەڵ هاتنەخوارەوەی هەر دڵۆپە خوێنێکیش، هەستم دەکرد ساڵێک لە تەمەنم کاڵ دەبێتەوە کە لەنێو موشەکەکە دانیشتم، هەستم دەکرد وردەوردە نامێنم، چاوم دەیتوانی ببینێ، بەڵام هێزم تێدا نەبوو سەیری هیچ شتێک بکەم.

باسکردنی تایبەتمەندییەکی جەستەیی ڕەگەزیی مێ، واتە سووڕی مانگانە (period) لە زمانی یۆدیتەوە بۆ سوورمێ، مانیفێستکردنی ئازارێکی تایبەتی "بوون" و هەبوونە کە هێشتاش بۆ پیاو نامۆیە، ئەم نامۆییە وای کردووە ئەو شتە! یان ئەو "سووڕە" بە کەمترین حاڵەت پیاو بیری لێ بکاتەوە. هێشتا شتێک بێت لە نێوان نەناسیاوی و قێزەونی و ئەفسووندا، ئەم دەنگەی یۆدیت بە هاوارەوە یەکەم بوونی ڕاستەقینەی خۆی بە خوێنی سووڕی مانگانەوە مانیفێست دەکات، شتێک کە قەت پێی ڕا نایەیت.. ئازارێک کە قەت ئاسایی نابێتەوە، دواتر درێژەی نامەی یەکەم ئێمە دەباتە خاڵ و پنتی ڕاستەقینەوەی گێڕانەوەکەوە، واتە ئەو شوێنەی کە ئیدی سنووری نێوان واقیع و خەون کاڵ و کاڵ دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی سفر.

گوێم تۆزێک دەبیست، بەڵام وەک ئەوەی بەئەنقەست خۆمم کەڕ کردبێت، ئاوا بووم، بۆنی هیچم نەدەکرد، پێم وایە ساتی یەکەمی لەدەستدانی هەموو هەستەکانم بوو، هاوکاتیش شتێک لەنێومدا، تا دەهات، باڵاتر دەبوو. پێم وانەبوو ڕوحم هەمان ئەو ڕوحەی چەند چرکەی پێشووتر بووبێت، قووڵتر و قووڵتر دەچوومە نێو ڕوحم و هەست و جەستەمم جێ دەهێشت، تا یەک چرکە پێش تەقینەوەی چاڵینجەرەکەمان، تەمەنی من گەڕایەوە خاڵی سفر.

لە نامەی یەکەمدا کە دواتر و لە کۆتاییەکەیدا دیاری کراوە لە شوێنێک بە ناوی "هەسارەی بێ ڕەنگەکان"ەوە هاتووە و بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم نامەیە لە زمانی یۆدیتی ئەمریکی و بە ئاواز و دەربڕینێکی هاوسۆزانە و "هاوبوون"انەوە نووسراوە، تێدەگەین کە "هاو" و گرێدراوێتییەکی قووڵ و وجوودی لە نێوان یۆدیت و سوورمێ دا هەیە، کە دواتر و لەهەندێک بەشی ڕۆمانەکەدا بە ڕاشکاوی "هاوڕوح"بوونی خۆیان باس دەکەن، تەنانەت لە نامەی یەکەمدا ئەوە یۆدیتی ڕوح فڕیوە کە لە هەسارە بێ ڕەنگەکانەوە(٢) خەبەری "بوون" و لە دایک"بوون"ی سوورمێ بە نامەکەیدا بۆ سوورمێ باس دەکات!

من بووبووم بە مێینەیەک لە خاڵی سفری تەمەندا، لە هەسارەی بێ ڕەنگەکان. لەم هەسارەیەدا، بوونەوەرەکان بێ ڕەنگ بوون، هەمیشە لە فڕیندا بوون. لەگەڵ یەکەم فڕینی منی بێ ڕەنگ، لە هەسارەی بێ ڕەنگدا، تۆ سوورمێ، سوورمێی کچی حسێن ئاغا، لەدایک بوویت لە گوندی شەرەبۆت، لە باشووری کوردستان. من ساتمەیەکی توندم کرد، لە هەسارەی بێ ڕەنگ، وەک ئەوەی ڕوحم کۆپی بکەن، هەستێکی سەیر بوو، هەستم دەکرد ڕوحم لەت دەکەن و نیوەی دەبەن، هەستم بە ئازاری تۆ دەکرد لە کاتی لەدایک بوونتدا، دایکی تۆش، سوورمێ گیان، وەک ورگی مانگا ئەستوور دەینواند کە تۆ و وێلاشی تۆی لە ورگ هاتەدەر، منیش لەگەڵ تۆ ئارامم گرت و لەوێدا لەدایک بووم.

بە سانایی و بە بەردەوامی لە هەموو ڕۆمانەکەدا دەکرێت باس لە ئامادەیی ئەم پرسیارە بکەین کە سوورمێ و یۆدیت یەکێکن، یان چەندێکن؟ تا چەندە یەکێکن؟ سوورمێ و یۆدیت و ئەحلام مەنسوور و دۆراس یەکێکن؟ یان لە چیدا یەکن و تا چەندە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە خوێندنەوە و ڕاڤە و هەڵکۆڵینی زۆرتری دەقەکە دەدرێتەوە نەک بە بەڵێ، یان نەخێر و تاڕادەیەک

و... من تەنیا ویستم بە هۆی ئەم پرسیارەوە جۆگەلەی باسەکەم بەرەو ڕووبەرێکی ناسنامەتەوەردا بشکێنم.

بۆچی دوو نووسەر و چیرۆکنووسی مەزن، واتە ئەحلام مەنسوور و دۆراس (نووسەر و دەرهێنەر) لە مابەینی نامە گۆڕینەوەکانی یۆدیت و سوورمێ دا ئامادەن و دەسکاری ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن؟

یۆدیت ئێستە ڕوحێکی بێ ڕەنگە و لەوانەیە لە هەسارەیەکی دیکە وەک زوحەل بژێت، ئەحلام مەنسوور و دۆراس بە چەشنێک خۆیان گێڕاوەتەوە، هەموویان لەو سەرەوە دێنەوە، تەنیا کەسێک و کارەکتەرێک لە سەرەتای ڕێگە بێت و "بوون"ی خۆی بەرەو گێژەنی ناسنامەی ڕۆژهەلاتی ئامادە و پێشهاتیانە دەبینێت، سوورمێیە. ئەم حاڵەتە دۆخمەند و شوێنگە تەوەرەی سوورمێی کورد ئاماژەیە بۆ کۆی لایەنە چالاکە مێینەکانی ناوی ڕۆمانەکە کە لە هەمبەر و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ چەند کارەکتەر و نیشانەی نێر وەک پیاو (هێمن، بێکەس، زاگرۆس)، کەڵەشێر، سمێڵ و...تاد بوونی زەقتر دەکاتەوە، هەڵبەت ئەم مانیفێستکردنەی ئازار و ڕەنجی جەستەیی- ڕوحی مێ لە پلەیەکی بووناسانەدا، تەنیا پەیوەست و تایبەت نییە بە سوورمێ و یۆدیتەوە، بەڵکو ئەحلام مەنسووری خانەقینی و مارگرێت دۆراسی ڤێتنامی (بنەماڵە فەرەنسی) دەکات بە دەستە خوشک و هاوڕوح و هاودەرد و هاو"ناسنامە"، کە ئەمانەش خۆیان نیشانە و میتافۆرن بۆ کارەکتەران و ژیان و کولتوورانێک کە شوێنگە و دۆخیان لە وڵاتی سوورمێ و یۆدیت و ئەحلام مەنسوور و دۆراس دەچێت کە هەڵبەت ئەگەر وەک نیشانە و هێما سەیریان بکەین، ئەم کەس و کارەکتەرانە ئاماژەن بۆ چوار قوڕنەی دنیا، تەنانەت ئەنگووست ڕاسانێکی قاییمیشە بۆ سەرووی گۆی زەویش، ئەوەتا یۆدیت لە هەسارەیەکی بێ ڕەنگ و ناوونیشان و نادیارە، ڕەنگە زوحەل بێت بە ئەڵقەیەکی سپی بێ ڕەنگ بە دەوریدا، کەچی لەوێش هەست بە ئازاری هاوڕوحەکانی دەکات، کەواتە دەشێت بڵێم ئەمە لایەنێکی ئایدیۆلۆژیکی و فەلسەفی ئەم ڕۆمانەیە ئەگەر وەک بوونێکی جەستەیی، ڕەنج مانیفێست بکات، دەبێتە ئایدیۆلۆژیا، ئەگەریش وەک بوونێکی کولتووری ئازار و قودسییەتی خوێن و پاکیزەیی لەپلەی پرسیاردا مانیفێست بکات، دەبێتە لایەنی فەلسەفی کە هەر وەک لەسەریشەوە وتم، ئەمە باسێکی ئاڵۆزە و زۆر سەختە لە دەقی ئەدەبیدا دەکاری بکەین، بە هەر حاڵ لێرەوەیە دەتوانم بێمە سەر یەکێک لە تەوەریترین و بنەماییترین باسە ماناتەوەرییەکانی ئەم ڕۆمانە، واتە "ناسنامە".

## ناسنامە لە ئاوێنەیەکی خاڵخاڵۆکەییدا!

گرینگترین باس لە مەڕ ناسنامەوە پێناسەی"خود" و "ئەوی دی"یە. ئەوەی کە پێوەندییەکانیان چۆن دەبێت و دانوستان و سنووریان لەگەڵ یەکدی چۆناوچۆن دەبێت، بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە ئێمە چۆن ئەو دوو زاراوە و تێرم (term)ـە پێناسە دەکەین. لێرەدا نایەمە سەر باسە فرۆیدی و لاکانییەکان، ئەگەرچی لەم ڕۆمانەدا بە دۆزینەوەی ئاوێنە لە یەکێک لە زبڵدانەکانی شار لە لایەن (سوورمێ)یەوە دەمانباتەوە سەر بیردۆزییەکانی ژاک لاکان و قۆناغی ئاوێنەیی، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئاوێنە و دەلالەتەکانی و هەڵسوکەوتی سوورمێ لەگەڵ ئاوێنە ئەو واتایە ناگەیەنێت، شتێک کە قەت نابێت لە بیری بکەین ئەمەیە لە هەموو نامەکاندا، تەنانەت لە دانیشتن و دیالۆگەکانی (ئەحلام و دۆراس)یشدا (وەک دوو وەگێڕی هێزەکی و کارلێکەری ناو ڕۆمان و ڕووداوەکە) ئاواز و زایەڵەی منداڵکارانە و پاکیزەئامێز و بێگەردی وتە و وشە و دەربڕین و هەستەکان زاڵە و بەدی دەکرێت. گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە لەم لایەنەوە دەشێت خاڵە سەرەکی و زێڕینەکەی بە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی"خود" و فامی خود و دواتر پێناسەی مانای خود لەپێوەندی لەگەڵ ئەوی دیدا پێناسە بکەین کە ئەم هەوڵ و بزرۆکییەش هەر لە ساتی لەدایک بوون و بێ دەنگی (سوورمێ)وە دەست پێدەکات تا دۆزینەوەی ئاوێنەیەکی خاڵخاڵۆکەیی و نوختەنوختە کە تەنیا تۆزێک جیوەی بە پشتەوە ماوە و خودێکی دیار و ڕێکی تێدا نابینرێت، ئاوێنەیەک کە لە زبڵدانی شار دەیدۆزێتەوە، پاش ئەوەی کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ئاوێنەیەوە خۆی باشتر ببینێت.

سوورمێ ئاوێنەکە بەرزدەکاتەوە تا خۆی باشتر ببینێ، سەری خۆی باشتر ببینێت، کەچی یەکێک دەست دەخاتە سەر شانی و دەیگرێت و دواتر "کێری"دەخاتە ناو دەمییەوە، ئەمە خاڵی دەسپێکی گەڕانی سوورمێیە، سوورمێیەک کە لە سەرەتادا ئاوێنەی ماڵەکەیان بەرزتر لە بالای داکوترا بوو، بۆیە خۆی نەدەبینی و ئاوێنەیەکی نزمی دەویست، ئەو لە "ئاوێنە"ی برا و خۆشکەکانیدا کە لەو بەرزتر بوون و خۆیان لە ئاوێنەکەدا چاک و باش دەکرد. پرسیاری ئاوێنە چییە و (من کێم)ی بۆ هاتە

ئاراوە، ئەم ڕەوتی ناسنامەدۆزییە بە درێژایی ڕۆمانەکە درێژەی دەبێت، تا ئەزموونی سوورمێ لە ڕێگەی میکانیزمێکی وەک "بۆن" کە کوڕێکی ئەفسووناوی بە ناوی (هێمن)ی تێدا تاقی دەکاتەوە و عاشقی دەبێت، تا تەمەنی زانکۆ و باڵقبوونی سێکسی و ئاڵۆشی جەستەی بۆ پیاو و هاوسەرێک کە لەوانەیە مامۆستا بێکەس بێت، تا ئۆنتۆلۆژیای بیستن و گوێڕاگری بۆ مۆسیقای پیانۆکەی زاگرۆس، تا هەڵاتنی لەگەڵ زاگرۆس بۆ دەرەوە، تا عاشق بوونی بە کوڕەی ناو ڕادیۆی بەشی کەشوهەوای سوێد، واتە فێرناندۆ ئەرییاس و... تاد، تا کاتێک کە دەکەوێتە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و براکەی بە کۆڵێک ڕیشەوە بە دوایدا دێت و دەڵێ: قەدەری ئیلاهییە کە من هاتم، سوورمێ زمانی بەر بوو. تا ئەو جێگەیەی کە سوورمێ دەگەڕێتەوە و شێت و لێوە دەبێت و داوا لە ئەحلامی ناوی چیرۆک دەکات ئیدی بیکوژێت و درێژە بە چیرۆکەکە نەدات، تا ئەوەی کە لە ڕێگەی منداڵێک و بە داخوازی خۆی بە دەرزییەک گوڵی ژاڵە لە سەر دڵی ڕزگار دەبێت لە ئازار و ڕەنج و دەمرێت! دەکوژرێت! خۆی دەکوژرێنێت!؟! هەموو ئەم هێڵە یەک لە دوای یەک و پەڕاگەندانە لە کۆی ڕۆمانەکەدا و بە چەند دەنگەوە بەدی دەکرێن و بەجوانی و سادەیی دەگێڕدرێنەوە. ئەو شتەی کە لە کۆتایی ئەم گەڕانەدا بۆ"خود"ێکی مێینە لە کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان نێرسالاردا بە هەموو نیشانەکانی نێرایەتی وەک کەڵەشێر بەرهەم دێت، چەشنێک لە جوانیناسی کوژرانمان بۆ پێناسە دەکەن! کوژرانێک کە چێژی نییە، بەڵکو بۆ هەڵاتن و دەربازبوون لە ئازار دەکرێت. دەربازبوون لە ئازار لە ڕێگەی کوژران خۆی چێژێکە، ئەگەرچی ئەم کوژرانە بەمانای نەمان نییە و هەڵاتنە لە قوربانی بوون و داپڵۆسانی ڕوحی سوورمێ بەر لەوەی بە تەواوەتی لە هەسارەی زەویدا بمرێت و لە هەسارە بێ ڕەنگەکان نیشتەجێ بێت. ڕوحی ئەحلام و دۆراسیش بۆ ئەوێ دەچن و دەڕۆن و ڕۆیشتوون و لەوێن! پەیوەست بەم باسەمەوە چەند لایەنێک لە ڕۆمانەکە وەک ئەپیزۆد دەخەمە بەردەست.

## ئەپیزۆدی یەکەم:

سوورمێ، تۆ هەر لە چەند مانگی ئەوەڵی تەمەنتدا،جیاوازتر بووی لە هەموو منداڵانی تری نێو خانەوادەکەت.مەمکی هیچ یەکێک لەو ژنانەت نەدەمژی، جگە لە هی دایکت، هەموو منداڵانی تر لەگەڵ لایلایەی دایکیاندا، زۆر بەریئانە خەندە دایدەگرتن، تەنیا تۆ نەبێت، گریانێک دایدەگرتی، ئەوسەری دیار نەبێت، هەر بۆیە بۆ ڕابواردن، ژنان ئەگەر کەیفیان هەڵسابا،لایلایەیان بۆت دەکرد، تۆش وەک بەلووعەی ئاو، تنۆک تنۆک، فرمێسک لە چاوەکانت دەهاتنە خوار. ئەم گریانەی تۆ، هەموویانی سەرسام کردبوو، هەریەکێکیش لەخۆیەوە نازناوێکی بۆت دادەنا، سورمە سوور، نازلیخان، سوورمێ ئاغا...تاد

هەر وەک لەم ئەپیزۆدەدا دەردەکەوێت بە هۆی ئەوەی کە سۆرمێ لە بنەماڵەیەکی خانزادە و ئاغاواتی لە گوندی شەرەبۆتی باشووری کوردستان لە دایک بووە، هەر لەیەکەم ساتی لە دایک بوون و باڵاکردنییەوە نازناوگەلی وەک سوورمێ سوور، نازلیخان، سوورمێ ئاغا...تاد یان پێوە لکاندووە، واتە دۆخی کولتوورەکە تەنانەت لە ڕێگەی خودی مێینەکانەوە، واتە دایک و نەنک و...تاد کە لەژێر نێرسالاریدا بوونە، بەو شێوەیە ناسنامەی بەسەر مێینەدا سەپاندووە، ئەگەرچی لە ڕووی فەلسەفیشەوە تەنانەت خودی "ناو"یش هەنگاوێکە بۆ دروست کردنی ناسنامەیەکی ساختە و دواتریش دەشێت دوو ئەوەندە دوورکەوتنەوە بێت لە "ناسنامە" بە واتا ئینسانییەکەی، بەڵام ئیدی چارە چییە، ئەو کورد بووە!ئەحلامیش هەروا!دۆراس بە ڕەچەڵەک فەڕەنسی! یۆدیت خەڵکی کیشوەری ئەمریکا، دەشێت بوون خۆی ڕاز و موعەممایەک بێت. بوون ناسنامەیەک بێت کە لە "ناو"یدا گیرمان خواردووە، بەڵام ئەمە باسێکی ترە و من لە سەری ناڕۆم.

## ئەپیزۆدی دووەم:
## نامەی دووەم لە (سوورمێ)ـەوە

یۆدیت گیان، بیرمە، باشم بیرە هەمیشە لەنێو خەڵک هەستم بە شەرمەزارییەکی زۆر دەکرد، چونکە هەستم دەکرد لە هەموو منداڵانی تر ناشیرینتر و قێزەونتر دەنوێنم، دەزانی من بەشوێن ئاوێنەیەکدا دەگەڕام، حەقیقەتی خۆمم نیشان بدات، ئاوێنەکانی ماڵی ئێمە ئەوەندەبەرز هەڵواسرابوون، من تا تەمەنم بووە حەوت ساڵ، خۆم لە ئاوێنەدا نەبینی. بەدیار گەورەکانەوە دەوەستام، کاتێک لە ئاوێنەیەکی بەرزهەڵواسراوەوە سەیری خۆیان دەکرد، خوشک و برا گەورەکانم، ئەوانەی باڵایان دەگەیشتە ئاوێنەکە، زۆر سەیر لە خۆیان دەڕوانی. من هەمیشە پێم وا بوو لە خۆیان دەترسن، وا دەهاتنە

بەرچاو، لەنێو ئاوێنەکەدا شتێکی تۆقێنەریان بینیبێت کە دەیانبینی من سەیریان دەکەم و تێیان دەڕوانم، ڕێک دەریان دەکردم، نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین، ئەو کاتەی خەڵکی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ وەک مێشی مردوو بە دیار سفرەی نانخواردنەوە خەو دەیبردنەوە، من وێڵ بووم بەدوای دۆزینەوەی ئاوێنەیەکدا، ڕاستییەکەی لەم نیوەڕۆ گەرمانەدا، من بەدوای زۆر شتدا دەگەڕام، من منداڵی سەر زبڵدانەکان بووم، منداڵی وڵاتێک بووم، بۆنی باروت و خوێنی لێ دەهات، لەو منداڵانە بووم کە لە گەرمەی جەنگ دێنە دنیا و جەنگ منداڵی و گەنجێتییان دەسووتێنێت. لەو منداڵانە بووم، لەسەر زبڵدانەکان یاریمان دەکرد، ئێمە نەوەیەک بووین، لە زبڵدانەکانەوە زۆر شتمان دۆزییەوە و لێوەی فێر بووین، هەر لەناو زبڵدانەکانیشدا،هەزاران خەونمان بۆگەنی کرد و لەناو چوون. لەنێو زبڵدانەکان، بە ئاوێنە ئاشنا بووم، کۆندۆمی بەکارهاتوو، ئەوکاتە تەمەنم حەوت ساڵان بوو، دوای ئەوەی هەموو ماڵەوەمان بەدەم قسەی بێ ماناوە خەو دەیبردنەوە، من بەپێخاوسی و بەهێمنی، وەک مار دەخزیمە کۆڵان. خۆشترین شوێنێک بۆ منداڵ لە وڵاتی جەنگدا، کۆڵانە وشک و سەر زبڵدانەکانێتی. لەنێو ئەو زبڵدانەدا، ڕۆژێک زۆر بە تاسەوە بۆ پارچە ئاوێنە دەگەڕام، ژێر پێیەکانیشم لەگەڵ ئەو ئەرزە گەرم و سووتاوە، سووتابوون، بەڵام هەر خۆشترین شتێک بۆ ئەو کاتەی من، گەڕان بوو بەدوای بینینی خۆم لەنێو ئاوێنەیەکدا.

لێرەش هەر وەک دیارە هەوڵ و تێکۆشانی جددی و لاسارانە بۆ بینینەوەی "خود" دەکەوێتە ڕوو، لە دۆخ و وڵاتێکی تا سەر ئێسقان سیخناخ لە جەنگ و باروت و گوو و کێر و کۆندۆم. نیشانەناسییەک کە دەشێت لەم ئەپیزۆدە دا و لە درێژەیدا باس بکرێت، وێنەیەکی (سەدام حوسێن)ـە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ناو ئەو زبڵدانە مێژووییەدا!

... هیچ نەیترساندم، جگە لە وێنەیەکی سەدام حوسێن و خانەوادەکەی، کە لە کاتی جەژنی لەدایکبوونی سەددامدا گیرابوو، ئەم وێنەیە بەسەر دار و بەردی ئەوسای ئێراقەوە هەڵواسرابوو، ئەگەرچی سەدام حوسێن لە وێنەکەدا پێدەکەنی، بەڵام من ئەوەندە لەو هەیبەتە ترسام، کە بۆ ئەو پیاوە دروست کرابوو، لە ترسان قاچی ڕاستم بەقایی لەو عەرزە سووتاوە کوتاو بە دەستی ڕاست، سلاوێکی سەربازیم بۆ کرد و وتم، "نعم سيدي"، وەک ئەوەی سەربازەکان دەیکەن. ئەوەندە ئەو دیمەنەم لە تەلەڤزیۆندا بینیبوو، ئیتر وام دەزانی هەموو کەس لەسەر ئەم زەمینە، دەبێت بۆ ئەو پیاوە وا بکات.

لێرەدا بە ڕوونی کاریگەری لایەنی دەسەڵات و دیکتاتۆریەتی پیاوانە لە سەر سمێڵ زلێکی وەک سەدام نیگار دەکرێت، ئەو کاریگەرییەی لە قووڵایی ڕوح و هەناوی منداڵیی ئێمەدا جێی دەهێڵێت و ناسنامەمان دەخاتە قوماری شەهوەتی بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانەوە، بەڵام گەڕان بە دوای ناسنامە لە ئاوێنەیەکی ڕووشاوی ناو زبڵدا، سوورمێی حەوت ساڵان بەرەو کوێ دەبات:

من هەر بەردەوام بووم لە گەڕان، تا پارچە ئاوێنەیەکی تەنکم دۆزییەوە، ئاوێنەکە ئەوەندە کۆن و تەڕ بووبوو، تۆزقاڵێک جیوەی پێوە مابوو کە بۆ یەکەم جار دوای حەوت ساڵی تەمەنم، سەیری خۆمم کرد، یەکەم جار ترسام و ئاوێنەکەم فڕێ دا، دوایی جارێکی تر هەڵم گرتەوە و یەکەم شوێن کە سەیرم کرد، لووتم بوو. زۆر داخم خوارد، چونکە لە هی کچە بچووک و بەنازەکەی سەدام حوسێن نەدەچوو، تۆزێک دەمم دەجووڵاند و خوارم دەکردەوە، سەیری لچ و لێوی خۆمم دەکرد، چاوەکانم زۆر گوناح دەیاننواند، وەک چاوی هەر منداڵێکی پێ خاوس و برسیی مەیدانی جەنگ. لە بیرمە دەموچاوم لەبەر کۆنیی ئاوێنەکە، خاڵخاڵ دەینواند، چونکە لەنێو ئاوێنەکەدا، ئەودیو ئاوێنەکە بە دیار دەکەوت.

**ئەپیزۆدی سێیەم:**

**بوونی ژن وەک جەستە و ڕوح**

**لە سووڕی مانگانەوە بۆ عەشقی"ناکەس"(٢)**

**سێکوچکەی عەشق لە نێوان هێمن، زاگرۆس و ئەریاس دا**

یەکێک لەو ڕووداوانەی کە لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە ڕەنگە ناسنامەی سوورمێ ئازاد بکەن و لە گەردلوی "ناخود"دا دەری بێنێت، ڕووداوێکە کە لە ڕێگەی بۆندا ئاشکرا دەبێت، بۆنی پیاوێک لە بەهارێکدا کە بۆن مانا و بوونی سروشتە ئەو تەنیا بۆنێک بەر لووتی دەکەوێت، بۆنی پیاوێکە، کوڕێکی ئەفسووناوی و ئارام بە ناوی هێمن، ئەم دۆخ و ڕووداوە لە نامەی چوارەمدا بە زەقی بەرجەستە دەبێت:

یۆدیت گیان، سلاوی عەشقت لێ بێت.

بۆچی عەشق ئەوەندە جوانە، بۆچی ئەوەندە

ئەفسوونناوییە، هەستکردن بە ڕوح؟ یۆدیت گیان، لە پێنج هەستدا، هەستێکم تێرە. ئێواران چاوەڕوانی هێمنم کە لەوسەری کۆڵانەوە دێت، بۆنی دەکەم. کچەکان پێم دەڵێن، دیسان دڵی خەبەری دا، بەڵام ئەوە دڵم نییە من بۆنی دەکەم، بۆن. بەداخەوە، دایکم دەرگاکانی بەرز کردەوە و بۆمان نییە بچینە بەردەرگاش، بەڵام لەنێو ئەو دەرگا بەرزەوە، من کونێکم دۆزیوەتەوە،کونێکی زۆر بچووک، هەموو ئێوارەیەک، لەو کونەوە سەیری هێمن دەکەم، لەو کونە بچووکەوە بۆنی گەورەترین عەشق دەکەم.

ئەگەر بە پێی وتەی ئالێن بادیۆ عەشق یەکێک لەو ڕووبەرانە بێت کە ئەگەری دەرکەوتنی حەقیقەتی تێدایە، سوورمێ لەم ئەگەرەشدا بەرەو تراژیدیا و ناکامی دەچێت، هۆی دابڕان و جوێ بوونەوەی لە هێمن، هۆیەکی دەرەکی بوو، شەڕی ناوخۆ و نەریتی سواو و دۆگمی کۆمەڵگا، بەڵام پاشان خوێندنەوە دەست پێ دەکات و دەچێتە زانکۆ، لە زانکۆیە کە پیاو وەک نێر دەناسێت، هەڵبەت ئەم ناسینەی جیایە لەو ناسینەی کە پێشتر لە حوجرەی شێخ زانا دا لە سۆنگەی ئەتک کرانەوە بۆی هاتە پێش، لێرەدا ئەو بە ڕوحێکی باڵقەوە بێ کەس وەک ماموستا و پیاو و هاوسەر دەناسێت، دواتر ئەو هەر گەڕانی عاشقانەی خۆی بۆ ناسنامە دۆزی و ڕزگاربییەکی بەرزەڕۆ درێژە پێ دەدات و لە ڕۆژێکی ئیش کردندا کە سەردانی پۆلی ڕاهێنانی موزیک دەکات، ئەم جارە بە "بیستن" ڕوحی یەخسیر و شەیدای کوڕێک بە ناوی زاگرۆس دەبێت، لەم بەشەدا کە خاڵی بەرز و بریقەداری گێڕانەوەکەیە بە داخوازی دۆراس لە ئەحلام کە ئیدی ئەم هەموو کارەساتەی سوورمێی پێ قووت ناچێت و بەرگەی ناگرێت، ئەحلام دێتە شوێن کارەکەی سوورمێ، واتە وۆرکشۆپی ڕۆژنامەوانییەکەی و ئەرکێک بە سوورمێ دەسپێرێت، ئەرکێک کە لە وشیاری و هاوخەمی هاوبەشی ئەحلام و دۆراس دا دەیەوێت بەرەو عەشقێکی نوێ و ناسنامەیەکی ڕزگارکەر پاڵ بە سوورمێوە بنێن، سوورمێش سەردانی پۆلی مۆسیقاکەی زاگرۆس دەکات بە ناوی قوتابخانەی مۆزارت کە لە پاریسەوە هاتۆتەوە، ئەو دەچێت و دەپرسێت:

سڵاو، کوڕینە. ببوورن، قوتابخانەی مۆزارت لەکوێیە؟

هەر هەموو بە یەک جار دەستیان بۆ قوتابخانەکە درێژکرد، ئەوەتا. ئا لێرەوە، ئێمە هەموومان لەلای ماموستا زاگرۆس، لەو قوتابخانەیە میوزیک دەخوێنین.زاگرۆس، زاگرۆس، لەبەر خۆمەوە دەمگوت، زاگرۆس ناوێکی تایبەتە.

بە تێپەڕبوونم بە نێو ساڵۆنەکەدا، گوێم لە میوزیکێک بوو، دەستی پێ کرد. لەگەڵ دەستپێکی ئەو میوزیکەدا، ئیتر گوێم کرایەوە، هەستم کرد هەموو ساڵەکانی تەمەنم، گوێم کەڕ بووە، ئێستا بۆ یەکەم جار، گوێم لە ژیان دەبێت! یۆدێت گوێچکەم کرایەوە، من گوێم لە دنیایە، گوێم لە فەزایە، من ئێستا گوێم لە تۆیە، گوێم لە گریانی منداڵە برسییەکانی ئەفەریقایە، گوێم لە هاواری جەنگە، گوێم لە هەموو شتێکە، وەک ئەوەی ڕۆژانێک بۆنی خۆشترین کوڕی دنیام کرد، ئێستاش بە هەمان شێوە، گوێم لە هەموو دەنگێکە لەنێو ئەو هەموو دەنگە پەرجووئاسایانەوە، کوڕێک بە ڕیتمێک کە پێشتر لە دەنگی هیچ مەخلوقێک نەمبیستبوو، بە چەشنی نەی لە ئێوارەیەکی زەرددا، وەک ڕیتمی تنۆکەئاوێک بەسەر گەڵای گوڵەزەمبەقەوە، وەک چرپەی کەنارییەک بەدەم خۆرئاوابوونەوە، وتی "خاتوو سوورمێ، بەخێر بێیت" کە ئاوڕێکم دایەوە، کوڕێکی باڵابەرزی شیرین، خواخوام بوو چیتر قسە نەکات، چوون ئەو دەنگە سیحراوییەی منی ڕفاند، منی وێران کرد.

بەهەرحاڵ ئەم زاگرۆسەی کە لێرەدا وێرانی عەشق بۆ سوورمێ دێنێت، پاش ئەوەی کە دەچنە دەرەوە و لە دۆخی کولتووری ئەوێش دەحەسێنەوە، بە قیرە و شەپ و شۆق و جنێو سوورمێ ئاوارەی نامۆیی ناو شار و شەقام دەکات، بە هەرحاڵ نە ئەم ئەزموونە و نە ئەزموونی دواتریش کە ئەریاسە، هیچ کامیان ئەو ڕێگەیەی نین کە سوورمێ دەشێت"خود"ی تێدا ببینێتەوە.

کۆی ئەم ڕووداوانە، سوورمێ بەرەو دۆخێک لە"خۆکوژی" دەبەن کە تەنانەت وەگێڕە کاریگەرەکانی ناو دەقیش، واتە (ئەحلام و دۆراس)یش هیچیان پێ ناکرێت و تەنیا کچێکی منداڵکار بە ناوی "هانا" بە هانایەوە دێت و لە ژیان ڕزگاری دەکات، بۆیە دوا ڕستەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە دەستەوسانی و ئاخ و ئۆفی (ئەحلام و دۆراس)ە.

مارگرێت دۆراس سەرێکی لەقاند و وتی، ئای ئەحلام، ئای!

سوورمێ دڵی خۆی پڕ کرد لە ژەهری گوڵەژاڵە. ئاخ ئەحلام، ئاخ!

هەمووی ئەوە بوو.

ڕەنگە بۆ ئەحلام و سوورمێ و دۆراس و فێرناندۆ و شێخ زانای داوێنپیس و یۆدێت و...تاد "هەمووی هەر

ئەوە بوو" بێت، بەڵام بۆ من هەمووی هەر ئەوە نییە!

## چەند خاڵێکی گشتی و کۆتایی

ڕاستییەکەی ئەم ڕۆمانە پڕە لە جەمسەری تازە و کۆن بۆ خوێندنەوە و باسکردن لە سەر هەموو ئەو جەمسەرانەی لە بابەتێکی وا کورتدا ناگونجێت، لام وایە نامیلکەیەکی ڕەخنەیی لەسەر ئەم کتێبە بنووسم باشترە، هەڵبەت لە دەرفەتێکی تردا، بەڵام ئەوەی دەشێت وەک هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕۆمانە وەک خاڵ دیسانەوە ئاماژەیان پێ بکەم بریتین لە:

١-ململانێی ناسنامە لە کولتووری خوێن و واقیعی قوربانیکردنەوە بۆ کولتووری عەشق و ڕوحی ئازاد.

٢-ناسنامە لە گێژەنی مێژوو و کولتوورێکی بارگاوی بە مێژوویەکی نەریتی و ئایینی.

٣-جەنگ و پیاو، ڕێگەیان بۆ ناسنامە دۆزیی ڕەگەزی مێ نەهێشتۆتەوە.

٤-بێ شەرمی و ڕۆکبێژیی زمانی لەم ڕۆمانە دا لە ئاستێکی هەرە باشدایە کە وەک وەگێڕ (ڕاوی) مێینە، کەم نووسەر هەیە وای کردبێت، ئەگەرچی لە زۆر شوێندا ئاواز و شێوازی دەربڕینی کارەکتەرەکان جیاوازییان نییە، ئەمەش وا دەکات بەرەو ئەو بۆچوونە بمانبات کە کۆی کارەکتەرەکان یەکێکن، چوون فۆرمی دەربڕینیان یەکە...نەک دیسکۆرس و وێژمانیان

٥-بە جوانی پێکهاتە لەگەڵ ناوەرۆکدا بە ئامادەبوونی دوو وەگێڕ و نووسەری ناوجیهانی واقیع (ئەحلام مەنسوور و مارگرێت دۆراس) لایەنی مێژوویی و قووڵی کێشەی ناسنامەی مێ باشتر چڕ کراوەتەوە

٦-هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بڵێین کۆی ئەم گەڕان و پشکنینە بۆ ناسنامە لە لایەن میتافۆرێکی مێوە و کەوتن لە گێژەنی تەنگژەکان و هەمووی هەڵە و تاوانی جیهانی نێر و پیاوسالارە.

٧- ڕۆمانەکە لە هەمان کاتدا کە تێم و مۆتیفی جیهانگیری پێوەیە، بە زەقیشی توخم و لایەنە خۆماڵییەکەی ڕەنج و ئازار و خوێنی پێوە دیارە.

٨- دەشێت باس لە سیستمی ناو و ناونان تێیدا بکرێت کە لە ناوە کوردییەکاندا برێک کلێشە دیارە، بەڵام هاوتەریبی "ئانا" کە لە سوێد دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و دالدەی دەدات لە گەڵ "هانا"یەک کە دواتر بە دەرزییەکە و لە وڵاتی خۆی و بە یارمەتی دەستی خۆی ڕزگاری دەکات و دەیکوژێت! دەشێت چەشنێک لە وردبینی لە بەکارهێنانی ناو دا بێت.

**پەراوێزەکان:**

**١- لەم ڕۆمانەدا لە ئەپیزۆدی خەتەنە کردندا، ئەگەرچی سوورمێ هەڵدێت لەوەی کە خەتەنە بکرێت، کاتێک ئەو دەبینێت گۆشتی ناوگەڵ و بەلۆکی کچان کەڵەشێرەکانی دراوسێ دەیبەن و دەیخۆن، هەڵدێت و لە پەنایەکدا دەخەوێت و دواتر دەچێتەوە، ماڵەوەشیان واتە دایک و نەنک و پوور و خاڵۆژنی لە بیریان دەچێت کە ئەو ماوە خەتەنە بکرێت، ئەم لە بیر کرانە بەو واتایە نییە کە سوورمێ سامناکی و تۆقینی"خەتەنەکردن"ی ئەزموون نەکردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بگرە خراپتریش، لە نێوان "کردن" و "نەکردن"دا لە هاتوچۆ دەبێت، ئەگەرچی دواتر لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بە کەمترین حاڵەت دێینەوە سەری.**

**٢- کە بێ گومان لە ڕووی "زەمەن و کات"ـەوە دەتوانێت باسێکی وجوودی – زانستی هەڵبگرێت، ئەوەی کە ئەنیشتاین دەڵێت: ئەگەر بە خێرایی تیشک بتوانین بڕۆین، زەمان مانای نامێنێت، واتە فۆرمۆلی فیزیایی M=C2 کە ئەم ڕەهەندە لای هایدگەر و بە فۆرمێکی تر لە ڕووبەری بوون و لای دازاین، واتای قووڵ وەردەگرێت، لەو تێڕوانینانەی ئەنیشتاین بۆ زەمان، سەدان فیلم و دراما دروست کراون، نزیکترینیان کە ناوەرۆکەکەی لە"نامەکانی فێرناندۆ" بچێت و من ئاگام لێ بێت، سینەمایی "بەریەک کەوتن"، یان (contact)ـە کە پاڵەوانی فیلمەکە خانمی جودی فاستێرە و دەچێتە ئەستێرەیەکی بێ ڕەنگ و دایکە مردووەکەی دەبینێت و بۆ ماوەی حەوت کاژێر لەگەڵی دەبێت کە دواتر دەزانێت و دێتەوە بۆ جیهانی واقیع! تێدەگات کە مووشەکەکەی تەنیا یەک خولەک ڕۆیشتووە و هەر لە سەر زەوی بووە، دواتر بەرەو لای چەشنێک میتافیزیکی مەسیحی با دەداتەوە و فیلمەکە کلێشە دەکاتەوە و لەگەڵ نوێنەرێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کە ئەندامی لیژنەی فەزاپێوەکان بوو و تیۆلۆژی و ئایینناسی خوێندبوو، وەک شتێک دەبێت بە هاوسەر و دەیکلێشێنێت! بەهەر حاڵ!.**

**٣- ناکەس لێرەدا بە دوو واتا دێت: یەکەمیان بە واتای عاشقی کەسانی بە ڕواڵەت جیاواز، بەڵام لە بنەڕەتدا هەر هەمان پیاوی نەریتی گانچی"بەپێی دیسکۆرسی ئەم ڕۆمانە" و هەم بە واتای هیچ کەس دێت، واتە عەشقێکی ئازاد و جیا لە پیاو و ناپیاو و ناژن، عەشقێک لە هەسارەیەکی دیکە لە لای ئیدیت.**

**سەرچاوە:**

**ڕاهنمای نظریەی ادبی، پیت ویدسون/ رامان سلدن، ترجمە عباس مخبر.**